لەبارەی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم، بەغدا وەڵامی حکومەتی هەرێم دەداتەوە

وەزارەتی پلاندانانی عێراق لەبارەی ناڕەزایەتییەکانی حکومەتی هەرێم کوردستان لەسەر ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم، لە ڕونکردنەوەیەکدا دەڵێت، ژمارەی دانیشتوان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی بەر لە ئەنجامدانی سەرژمێری هەژمار کراوە کە ئەویش لێدەرکردنی ئەو دانیشتوانەی هەرێمە کە شوێنی پێشوی نیشتەجێبونیان پارێزگاکانی دیکە بوە، بەوەش ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم 12.68%ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت.

عەبدولزەهرە هینداری، وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ چوارشەممە، دەستەی بێچون بەسەرۆکایەتی وەزیری پلاندانان کۆبوەتەوەو تێیدا گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێك کراوە لەنێویاندا ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەشکراون لەبارەی میکانیزمی هەژمارکردنی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم بەگوێرەی ئەنجامی ئەو سەرژمێرییەی کە لە کۆتاییەکانی ساڵی 2025 ئەنجامدرا.

ئەوەشی خستۆتەڕوو، وەزارەتەکەیان زیاتر لە 20 خشتەی وردەکاریی ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکەی پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کردوون کە داتاکانی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگا، قەزا، ناحیە، گەڕەک و گوند لە خۆدەگرێت، جگە لە راپۆرتی سەربەخۆ لەبارەی داتاکانی تەواوی پارێزگایەک، بەگوێرەی ئەو خشتانەی کە پاڵپشتن بە داتا خامەکان، رێژەی دانیشتوانی هەرێم 14.14%ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت.

ئاماژەی بەوەشداوە، هەژمارکردنی ژمارەی دانیشتوانی بەگوێرەی رێککەوتنی بەر لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە بوە ئەوەش لەسەر داوای هەرێمی کوردستان کە بریتییە لە لێدەرکردنی ئەو دانیشتوانەی هەرێم کە شوێنی دانیشتنی پێشویان پارێزگاکانی دیکەی عێراق بوە.

وەک وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق هێمای بۆ کردوە، لە کۆبونەوەکانی بەر لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکەدا، جەخت کراوەتەوە لەسەر جێبەجێکردنی سەرژمێرییەکە بەگوێرەی پرۆگرامێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ ژماردنی ئەوانەی کە شوێنی نیشتەجێبونیان گۆڕیوە.

وتوشیەتی، بەگوێرەی ئەنجامەکانی هەژمارکردنی ئەوانەی کە شوێنی نیشتەجێبونیان گۆڕیوە، خشتەی دانیشتوانی پارێزگاکان ئامادەکرا لەگەڵ هەژمارکردنی ئەو کەسانەی لەسەر پارێزگاکانی خۆیان کە پێشتر شوێنی نیشتەجێبونیان هەرێم نەبوە، لە ئەنجامی ئەوەش رێژەی دانویشتوانی هەرێم دەبێتە 12.68%ی دانیشتوانی عێراق.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، رۆژی 11ی 2ی 2026، لە کۆبونەوەی خۆیدا رایگەیاند، بەغدا دەستکاری رێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە سەرژمێریی گشتی دانیشتوانی عێراقدا کردوە، ئەو دەستکاریکردنە رەتدەکەنەوەو هەنگاوی پێویستیش لەدژی دەگرنەبەر.